پرۆژەی تیشک 59

زیرەک

گۆڕاڕا

نوسینی

حمە ڕەشید نادر هەورامی

38558

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بهروز صالح جباري
م/ ۰۷۷۰۱۹۰۵۰۹۲

دەروازەیەك بۆ کتێبی کۆزارا

ماوەیەك بوو کتێبی کۆزارا نۆبەتی نەوەی بوو کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تیشك پاو سەرنجەکانی خۆی بداتە برای نوسەرو دەستەی بەڕێوەبەری پرۆژەی تیشك تا لەژێر ئەو پاو سەرنجانەدا بڕیاری چاپو پەخشی ئەو کتێبە بدرێت.

لیژنەکە بیروپاو سەرنجەکانی خۆی دایە هەردوولا و بڕیار لەسەر بلاوکردنەوەی کۆزارا دراو ئەم پێشەکی یەش پێویست بوو بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز زیاتر سود لەم کتێبە ببینن.

ئەم کتێبە بریتیە لە دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەمیان باسی گەردون و ژیانی دونیایە بەهەموو بوارە فیزیکیەکانەوە کە پڕە لە ناڵۆزی و نهێنی... بەشی دووهەمیان باسی دونیای ڕۆح و جیهانی نەثیری دەکات دیسان نەمیش تابڵێی دونیایەکی ناڵۆزو ناسك و پرنهێنییە.

مامۆستا حمە ڕەشید هەورامی توانیویەتی لەژێر تیشکی زانستی تازەدا زۆر شتی گرنگ و بەکەڵك بگەیەنێتە ئەم نەوە نوێیە کە تینووی ئەم جۆرە باسانەن.

بەڵام بۆ مێژوو بڵێین:

١-ئەم کتێبە تەعبیر لەڕای نوسەرەکەی دەکات و مەرج نیە ئێمە هەمان بیروڕامان هەبێت لەسەر پرسەکانی ناو ئەم کتێبە.

٢-بەشی یەکەمی ئەم کتێبە تابڵێی دەوڵەمەندو زانستیە و پڕە لەنهێنی جوان جوان کە ئەم بەشە نزیکەی دوو سەدو پەنجا پەڕەیەکی کتێبەکەی داگیر کردووە. لە چاپە پێشوەکەیدا.

٣-بەشی دووهەمی کتێبەکە هەڵدەگرێ چەند سەرنجێکی مەنهەجی لەسەر بدەین کەمامۆستای نوسەریش دەیانسەلمێنێت و لاریشی نەبوو لەوەی وەك پێشەکی بۆ کتێبەکەشی زیاد بکرێت، کە کورتەی ئەو ڕاو سەرنجانەمان لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە.

یەکەم/ قسەکردن لەسەر دونیای (غەیب)و (ڕۆح) پێویستە تەنیا بەتەنیا (شەرع) قسەی تێدا بکات، واتە خواو پێغەمبەری خوا و جگە لە خواو پێغەمبەری خوا

٣٨٥٥٨

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەرکەس قسەی تێدا کردبێت زانار فەیلەسوفان بووبێت یان شێخ و مشایەخان بووبێت کەوتونەتە هەڵەی گەورەو نەوبیرو ڕایانەش کە بۆیان دروست بووە لەجیاتی دڵنیایی و یەقین، دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی بۆ دروست کردوون و مێژووش پڕە لە نموونەی لەم بابەتە.

دووەم/ مەسەلەی ئامادەکردن و هێنانەوەی ڕۆحەکان (تحضير الارواح) باسێکی زۆر هەستیارو ترسناکەو پێویستە نەوە بڵێین کە نەوە بابەتێکی سەلمێنراو نیە لەڕووی دین و زانستیشەوە، بەڵکو نیستاش هەرگومانەو نەبۆتە ڕاستیەکی زانستی.

٢-ڕۆحەکان لەدونیای ڕۆح و نەشیردان و تەنیاو تەنیا خوای گەورە دەسەلآتی بەسەریاندا هەیەو کەس ناتوانێ دەسەلآتی هێنانەوەو بەکارهێنانیان هەبێت نەو کەسە هەرچی بێت و لەهەر پلەیەکی زانستی یان ڕۆحیدا بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێکیان جابری کوڕی عەبدولآی بینی زۆر غەمبارو لێو بەبار بوو، فەرمووی: جابر نەوە چیتە؟ عەرزی کرد: قوربان باوکم لەشەڕی (ئوحود)دا شەهید بوو، قەرزێکی زۆریشی دوای خۆی جێهێشت! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: حەز ئەکەی نەوەت پێ بڵێم کەپێش باوکت خوای گەورە لەگەڵ هەرکەسێکدا قسەی کردبێت لەپشتی پەردەوە قسەی لەگەڵدا کردووە، لەگەڵ باوکی تۆدا نەبێت کە ڕووبەڕوو گفتوگۆی لەگەڵدا کردووەو پێی فەرموو: چ داوایەکت هەیە با بۆتی جێ بەجێ بکەم؟ عەبدولآی باوکت وتوویەتی: حەز دەکەم بمگێڕیتەوە بۆ دونیا بۆ نەوەی جارێکی تریش لەپێناوی تۆدا شەهید بکرێم، خوای گەورە پێی فەرمووە: بۆ نەوەیان .. نەوە من پێشتر بڕیارمداوە کە نەوەی مرد ناگەڕێتەوە بۆ دونیا، عەبدولآ دەڵێت: نێ باشە پەروەردگار نەوانەی من دوای خۆم جێم هێلآون لەمە ناگادارییان بکە، نەوە بوو خوای گەورە نایەتەکانی "ولاتحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا، بل أحياء عند ربهم يرزقون، فرحين بما أتاهم الله من فضله....."

واتە: وامەزانی نەوانەی لەڕێگەی خوادا کوژراون مردون و فەوتاون، بەڵکو زیندون و لەخزمەت خوای خۆیاندان و ڕۆزیان بۆ دەبڕێت، زۆر دڵخۆشن بەوەی خوای

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

گەورە پێی داون لە فەزڵو رزقی خۆیی و مژدە بەوانەی دوای خۆیان نەدەن کە (بێخەم بن) خوای گەورە پاداشتی خەڵکی چاکەکار وناکات!!

ئایەتەکەی سورەتی (المؤمنین) یش کە دەفەرموێ "قال رب ارجعوني لعلي أعمل صالحاً فيما تركت كلا أنها كلمة هو قائلها.." نەوەی دەمرێت دەڵێت: پەروەردگار بمگێڕەوە بۆ دونیا بەڵکو دەست بدەمە کاری چاکەکردن لەو تەمەنەی پێچی نەدەیتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێ: (نەخێر شتی وا نابێت) [1].

بۆ نەوەش کە دیدی ڕوونی ئیسلام دەربارەی (تعضیم الارواح) لای خوێندەوارو خوێنەرانی ئەم کتێبەش ڕۆشن بێت، حەز دەکەین دەقی نەو فەتوایەی بەڕێز شێخ ئیبن باز بنوسینەوەو دوای نەوە ئێتر خوێندنەوەی نەو جۆرە بابەتانە زیانی لاوەکی دروست ناکەن.

خوێنەریش مافی خۆیەتی بپرسێ: باشە بۆچی نەم بەشی دووهەمەتان بلأوکردووەتەوە، کەلەگەڵ دیدی ئیسلام دا زۆر یەک ناگرێتەوە، لەوەلأمدا بەکورتی دەڵێین:

١-نەوە مافێکی سروشتی مامۆستای نوسەرەو کەس نابێ لێی زەوت بکات.

٢-ئێمەش لەپرۆژەی تیشکدا بڕوامان بەڕاو ڕای بەرامبەر هەیەو بەنیازنین ئازادی ڕادەربڕین لەکەس زەوت بکەین مەگەر موهاتەرات بکات.

٣-نەو باسانە نەوەندە سەلماندنی تێدایە کە جگەلەم دونیا مادییەی کەهەموو کەس دەیبینێ دونیایەکی تریش هەیە کە غەیبەو هەرخۆی پڕە لەشتی نادیار، هەرچەندە لەعەقڵی بچوکی فەریکە خوێندەوارەکاندا جێگەی نابێتەوە، بەلأم کەلە عەقڵی گەورەی زانایاندا جێگەی بووەتەوەو لەخولیای دۆزینەوەی کەرەسەو دەزگا گەلێکدا کەپەی بەو دونیا فراوانە بەرن.

٤-نەو بەشی دوو هەمەش هەندێ ڕاستی زانستیو ئاینیشی تێدایە بەخەسارمان زانی خوێنەری کورد نەیزانن و زانیاریان دەربارەی نەبێت.

---

[1] زانایان دەفەرمون: جیاوازی (کلا) و (لا) نەوەیە کە (لا) بۆ نەفیکردنە بەتەنیا بەلأم (کلا) بۆ نەفی و نینکارە. واتە نەو شتە وانیە و ناشبێ نەو شتە وابێت

سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزیش ڕادەکێشین بۆلای کتێبی (الفرقان بین اولیاء الله واولیاء الشیطان)ی ئیبن تەیمیە کەزۆر بەوردی باس لە ڕۆح و شەیتانەکان کردووە.

کەفێری شتانێکمان دەکات کەپێشتر نەمان زانیووە.

پرۆژەی تیشک
٢٠٠٩-٥-٧

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library